سەرنووسەری ئەم ژمارە:ڕیبوار عارف
بەم ناونیشانە پەیوەندیمان پێوە بکەن
PL / R A 00300 Helsinki -Finland
Tel : 00358 440464905
fediraq@welho.com

ژمارەی تایبەت 3

# تایبەت بە کەمپینی بەریتانیا

FEDERATION
فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

## نا بۆ دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران

دەنگدانەوەی کەمپینی فدراسیۆن لەنیو میدیاو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بۆ لاپەرە ٦

فدراسیۆن لە هەوڵدایە بۆ ئازاد کردنی پەنابەرانی کورد لەگرتووخانە دەست بەسەرەکاندا بۆ لاپەرە ٥

ژمارەی تایبەت ٢٤ی ئەیلولی ٢٠٠٥ هەشت لاپەرە 24 th Sept . 2005

# پیرۆزە ئەم سەرکەوتنە ، دەبێت سەرکەوتنی کۆتایی بێت !

No For Deportation

نا بۆ دیپۆرت کردنەوە

### سەنتەری شاری لیدز پڕکرا لە دەنگی نارەزایەتی دژ بە گیرانەوەی بە زۆری پەنابەران

ڕیکخراوەی لیبوردنی نیونەتەوەی ( ئەمنستی ئەنتەرناسیونال ) گەرانەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ عیراق بە پیلانیکی خەتەرناك و پیشیلکردنی بریارنامەی مافی مرۆڤ و مافی پەنابەری لەقەم دەدات




### لە ستۆکهۆلمەوە بۆ لەندەن ، بزوتنەوەی پەنابەری روو لە پێشە !

سەروتار

چەند مانگی ڕابردو بزوتنەوەی پەنابەری بە تایبەت لە وولاتانی بەریتانیاو سوید لە پەرەسەندو نمایشکردنی هێزو تواناکانی خۆیدابوو لەئاستیکی فراوانی کۆمەلەیەتی دا. ئەوەی ئەم جولانەوەیە بەچی دەگات و بەرەو کوێ دەچێت ئەو فاکتەرانە چین کە دەتوان لە ئایندەی ئەم بزوتنەوەی پەنابەریدا چارەنووسازبن، بابەتێکی فراوانترەو هەوڵدەدەم لە ووتارێکی جیاوازدا بۆچوون و لیدانەوەی خۆمیان لەسەر دیاری بکەم. بەلام ئەو رادەیە لە سەرکەوتنەکانی تائیستەی بزوتنەوەی پەنابەری بەدی دەکریت رەوەندیکی روو لە پیشەو جیگەی چاوپیگیرانەوەن.

#### سەرکەوتنەکانی سوید و بزوتنەوەی ئەمنستی ٢٠٠٥

ماوەی چەند مانگێکە بزوتنەوەی پەنابەری لەسوید لە پرۆسەیەکی روو لە پیش و سەرکەوتووانەدا میژوویەکی نوێ تۆمار دەکەن. ئەم جۆلانەیەوە تا ئیستە چەندین خۆپیشاندان و ریپیوانی گەورەو بچوکی بەخۆیەوە دیوەو لە فشار هێنانیکی بەردەوامدایە بۆ دەستەلات . ....... بۆ لاپەرە ٣

### نابێ بهێلین ئیسلامی سیاسی پەنابەران بکات بە گژی یەکدا ! .... بۆ لاپەرە ٤

لەم ژمارەدا بەشیك لە چالاکیەکانی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا، بەرچاودەکەیت کە تایبەتە بە بواری دەنگدانەوەی کەمپینی فیدراسیون لە دەزگاکانی راگەیاندنا !

**مافی پەنابەری مافیکی ئینسانی یە، دەبێ هەموو ئەو کەسانە لێ بەهرەمەندبن کە بەهۆی شەڕو کوشتارو نائەمنی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی یەوە ناچار بە ڕوکردنە هەندەران دەبن .**

# پیرۆزە ئەم سەرکەوتنە، دەبیَ بەسەرکەوتنی کۆتایی بگات !

بۆ وەسیتانەوە بەرامبەر بە سیاسەتی دەولەتی سوید، بەرامبەر بە پەنابەران بە گشتی و بە تایبەتیش بۆ بەرگرتن بەو چارەنوسی تالخی دەیان هەزار پەنابەر کە کەیسەکانیان داخرابوو وە هەرەشەی گەرانەوەیان لیدەکرا، و بیبەش کراوبوون لە سەرەتایی ترین مافەکانی بەریوەچونی ژیان، لە خانووبەرەو خویندنەوە بگرە تا حەقی کارکردن ... تاد، فدراسیونی پەنابەرانی عیاقی لە پال دەیان ریکخراوی جەماوەری سنفی و چەندین حزب و لایەنی پیشکەوتوخوازو ئینساندۆستداو لەناو بەرەی ئەمنستی ٢٠٠٥ ، دەوریکی شایستەی گیرا، لە خۆپیشاندانەکانی ١٠ / ٩ / ٢٠٠٥ی ئەم مانگە کە شەقامی زۆربەی شارەکانی سویدی خۆرۆشاند .

فدراسیون لەنیو دەریای ئەو دەریای ئینسان دۆستی دا، ئالای ریکخستن و رابەری کردنی بزوتنەوەی پەنابەرانی لەپیناو خواستە بەرهەقەکانیاندا بەرز راگرت. هەول و تیکۆشانی فدراسیون و باقی ریکخراوەو حزبە پیشکەوتوخوازەکان وخودی پەنابەران و یەکگرتووی و یەکریزیان بیَ کویدانە، زمان و رەنگی پیست ، بیگویدانە ئینتمای سیاسی و فکری و حزبی، بیگویدانە ناسنامەی میللی ....توانی ئەم خواستە بەرهەقانە لە هەنگاوی یەکەمدا بە دەست بهینیت :

١- هەموو ئەو مندالانەی تا ئیستا بە شیوەی نایاسایی دژین، هەقی ژیانی ئاسایی و چوونە قوتابخانەو بەهرەمەندبون لە نەخۆشخانەو پیداویستی تریان دەبیت.

٢- هەموو ئەو خیزانانەی کە مندالی نەخۆشیان هەیە، مافی پەنابەریتیان پیَ دەریت.

٣- ئاسایی بوونەوەی ژیانی هەموو ئەو پەنابەرانەی تا ئیستا ژیانی رۆتینیان یاساغ کرابوو .

٤- دەرکردنی بەزۆری پەنابەران راگیرا .

٥- وەلامدانەوە بەو کەیسانەی هەلگری تایبەمەندی دیاریکراون. بەپیَ ی هەوالە سەرەتایەکان، بریارە هەموو ئەم مافانە چوارچیوەی یاسایان پیبدریت. ئەم مافە

٦- سەرەتایانەی پەنابەران وهەوالی دابین کردنی ئەم خواستانە ئەمایەی شادی و خۆشی هەموو پەنابەران و بەرەی پیشکەوتخوازاو ئینسان دۆستانە.ئیمە لە فدراسیونی پەنابەرانی عیراقی لە سوید ، لە کاتیکدا بە بۆنەی دەستەبەر کردنی ئەم خواستانەوە پڕ بە دل پیرۆزبای لە خۆمان و لە هەموو پەنابەران دەکەین، هاوکات ئەو راستیە تەئیکید دەکەینەوە کە ئەم سەرکەوتنە سەرەتایی یە بەرهەمی یەکریزی و ریکخراوبون و بەدەستەوەگرتنی دورشم و خواستی ئینسانی بوو، دەبی دیسان بە یەکریزی و دریژەدان بە هەولی چروپر دیسان بە کۆبوونەوەو لەدەوری فدراسیون و خواستەکانی، کە خواستی ئیوە پەنابەرانە، سەرجەم خواستەکانی تر بە سەر دەولەتی سویدا بسەپینین .

فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی، هەموو هەولەکانی خۆی دریژ پیدەدات، تا نەك هەر بەر بگریَ بە گیرانەوەی پنابەرانی عیراقی بۆ ناو دۆزخەی شەرو داگیرکاری، ناو دەریای بیمافی و سەرکوت، بەلکو بۆ بەدەستهینانی مافی پەنابەریەتی بۆ هەموو ئینسانانەی دوای مافی پەنابەری کردووە .

## پەنابەرانی خۆشەویست و لە چاوەرانی راگیراودا



لە هەرچی زیاتر لە دەوری فدراسیون کۆببنەوەو خۆتان ریکخراوکەن، فیدراسیون هی ئیوەیە .بەدەستیەوە بگرن ، کۆمەکی بکەن، ئەمە زامنی سەرکەوتنی گەورەترە ، ئەمە زامنی بە دەستیهنانی مافی پەنابەرتی و وەریخستنی ژیانی نۆرمالی ئیوەیە بۆ سەرکەتنی گەورەتر ، دەبی ئامادە بین .

فیدراسیونی پەنابەرانی عیاقی
٢١ / ٩ / ٢٠٠٥

### فۆرمی بە ئەندام بوون لە فیدراسیوندا

ناوی سیانی :
ناونیشان :
ژمارەی تەلفون :
ئیمەیل :
فاکس :

**بە ئەندام بوونی ئیوە لە فیدراسیوندا دەبیە هۆی بەهیزبوونی بزوتنەوەی پەنابەری بەدەستهینانی مافەکا نمان**

**پاشماوەی سەروتار .........**

بۆیە پەرەسەندنی ئەم جولانەیە لەماوەی چەند مانگی رابردودا کاری گەیاند بەوەی کە تۆڕێکی فراوان لەحزب و ریکخراوە ئینسان دۆست ورادیکالەکان دروست بیت بۆ فراوان کردنەوەی فشارهێنانی رۆژ لە دوای رۆژ بۆ پەرلەمان و حکومەتی سوید. کە هاوکات لەگەل پەرەسەندنی خەباتی ئەم بزوتنەوەیەو شەبەکەیاندا ژمارەی ئەو لایەنانەی کە رۆژانە پەیوەست دەبوون بە شەبەکەی ئەمنستی ٢٠٠٥ رۆژ بە رۆژ لە زیاد بووندا بوو. تا سەرئەنجام ڕێپیوانی مەزن و سەرتاسەری١٠ی دیسمبەریان بەرپاکرد کە دەیان هەزار ئینسان لە ٢٦ شارەوە لە یەك رۆژدا دەنگی نارەزایەتی خۆیان هەلبری و تیکرا خوازیاری بەرسمی یەت ناسینی ماف پەنابەری پەنابەران بوون. دەنگدانەوەی ئەم ریبپوانە ئەوەندە بەرفراوان وکاریگەربوو کەتەنیا کەنالیکی راگەیاندن نەبوو کە خۆی لە باس کردن و فروان بوونی ئەم نیشماش کردنە ئینسانی یە بدزیتەوە. لەمەش زیاتر لە زۆربەی دەزگاکانی راگەیاندندا لە ئاستی جیهاندا رەنگدانەوەیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. کە ئەوە بوو بەرهەمی ئەم نمایشەو دەنگهەلبرینە هاوکیشەکانی بزوتنەوەی پەنابەری گۆڕی وتای تەرازو لە بەرژوەندی پەنابەراندا داشکاندەنەوە.کە سەرئەنجام حکومەتی سوید کەوتە ژێر گاریگەری ئەو نارەزایەتیانەی ئەم دوایانەو ئیقامەی یاسای دا بەهەموو ئەو کەسانەی کە خیزاندارن. بەپێ ئەم بریارە لەمەبەدوا مندالانی هەموو ئەو پەنابەرانەی کە تائیستە بەنهینی لەسویدا ژیانیان بەسەر دەربرد ئیتر دەتوانن بە شیوەیەکی رەسمی لە قوتابخانەدا بخوێنن، کە ئەم بریارە نزکەی ١٦ هەزار کەس دەگریتەوە . کە لە راستی دا ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆ بزوتنەوەی پەنابەری و هەموو لایەنانەی کە تا ئیستە لێبراوانە دریژە بە خەباتی خۆیان دەدەن.کەبەکردەوە بینمان مەسەلەی داکۆکی کردن لە پەنابەران بووتە مەسەلەی هەموو کۆمەلگاو سەرباری ٥ حزبی پەرلەمان نزیك بە ٦٠ ریکخراو داکۆکیان کرد لە مانەوەی دەیان هەزار ئینسان لەم کۆمەلگایەدا. وەبینیمان کە شەری داکۆکی کردن لە پەنابەران بووە شەڕی بەرەی ئازادیخوازی ئەم کۆمەلگایەو لەمەش زیاتر بەشیك لە هوکارەکانی نەدانی ماف پەنابەری دەگەرێنەوە بۆ ئەو روانگە راسیستی یەی کە لەسیاسەتەکانی حکومەتدا بەدی دکریت. بۆیە کاتێك کە وەزیری کۆچ چووە سەر بلندگۆی قسەوباس کردن کۆمەلێك لە لاوان بەخویندنی سروودی میلی قسەو باسەکەیان بەو بەریزە بری. بەلام ئەوەی شایەنی ئاماژە پی کردنە لەمبارەوە ئەوە بوو کە کاتیك سووردەکەیان دەخویند رستەیەکی سروودەکەیان گۆری و بەمجۆرەیان لی کرد.. ئەی سوید ئەی وولاتی راسیستەکان، ئەی وولاتی دژی خارجی ... ئەوەی لەمبارەوە دەبیت دووپات بکریتەوە ئەویە کە ئەمرۆ پەنابەران ئەو کۆمەلە ئینسان دابراو دوورە پەریزە نین لەم کۆمەلگایانەداو،خەلکی سوید نەك هەر کیشەیەکیان لەگەل بوونی خارجی و زیاد بوونی ریژەی پەنابەران نی یە، بەلکو بەپیچەوانەوە ئەم جولانەوەیە لە ئاستیکی کۆمەلایەتی فراواندا ئەوراستی یەی سەلمان کە خەلکی ئازادیخوازی ئەم وولاتە بۆ هاوپشتی کردن لەگەل پەنابەران و رزگارکردنی مندالانیان لە دەست رۆژگاری رەش و تالی بەنهێنی ژیان بردنە سەر و بێ بەهرەبوون لە هەموو ماف و بیمەو خزمەت گوزاریەکانی کۆتای پی بهینین و لە ریگەی گۆشاریکی سەرتاسەری لەم جۆرەوە هاوکیشەکان بگۆرن و حکومەتی سوید ناچار بەچۆکدادان وملدان بکەن بۆ بەشیکی بەرچاو لە داخوازیەکانیان . ئالیرەدا ئەو پرسیارە زیاد لەهەرشتیك خۆی بەرجەستە دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئاخۆ ئیمەی پەنابەران وەك خاوەن کیشەوگیرو گرفتەکە دەبیت چۆن مامەلە لەگەل ئەم رووداوەدا بکەین وچۆن بۆ بەدەست هینانی هەموو ماف و ئازادیەکانی ترمان لەهەر رێگەیەکی خەباتکاران وشارستانیەوە بینە مەیدان. ئاشکرایە کەیەکیك لەبەرچاوترین ریکخراوەکانی پەنابەران لەپرۆسەی دروست بوونی ئەم شەبەکەیەدا دەورو دەخالەت و هەلسورانی فدارسیونی سەتاسەری پەنابەرانی عیراقی بوو لە سوید. وە بە دلنیای لە ئایندەشدا بۆ مسۆگەر کردنی هەموو مافەکانی پەنابەران فدراسیون جیگەوریگەیەکی زۆر بەرفراونتری دەبیت. خالیك کە لیرەدا جیگەی پێ داگرتنە لەسەری، بەرزراگرتنی هەویەتی ئینسانیمانە. هەقیقەت ئەوەیە کە ئەزمونەکانی تائیستە بەرۆشنی ئەو نیشاندا کە شانازی کردن بە هەرجۆرە هەویەتێکی قەومی و دینی و نەژادیەوە لەکاریکی خۆ فریوکارانەو کۆنەپەرستانە زیاتر هیچی تر نی یە. ئەزموونەکانی تا ئەمرۆ ئەوەی بە رۆشنی نیشاندا کە پێ داگرتن لە سەر هەویەتی ئینسانیمان تەنها رێگەی سەرتاسەری کردنەوەی خواستەکان بە دەستهینانی مافەکانمانە. ئەمە تەنیانی پەیامی ئەم نمایش کردنە مەزنەو هاتنەمەیدانی تۆری ئەمنستی ٢٠٠٥ یەو دەبیت نەك هەر دەستی پیوە بگرین بەلکو وەك هەمیشە لە ریزی پیشەوەی ئەم بزوتنەوەیەدا بین تا پاشەکشە کردنیکی تەواو بە حکومەتی سوسیال دیموکراتی سوید.

## لە ستوکهولمەوە بۆ بەرلین سەرکەوتنی لەیەك لەدوای یەك !

دوومانگ لەمەوبەر حکومەتی بەریتانیا ،بریاری دیپۆرت کردنەوەی ٧ هەزار پەنابەری کوردی دا بۆ کوردستانی عیراق. کەهاوکات لەگەل ئەم بریارەدا دەستیدایە دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران وسێ وەجبە پەنابەر لە ریگەی جیاوازەوە دیپۆرتکرانەوە. هەر لەگەل بلاوبوونەوەی هەوالی بریاری دیپۆرتکردنەوەی پەنابەراندا فیدارسیون لە ئاستیکی فراواندا دەست بەکار بوو، کەلە ماوە یەکی کورتدا سەرباری چەندین خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربرین هاوکات دەیان حزب و کەسایەتی وریکخراوی ئازادیخوازی هینایە پشت سەر کەمپینەکەی خۆی بۆ راگرتن و هەلسپاردنی بریار دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران. کەسەرئەنجام بەهۆم ئوفیس بەرەسمی بە فدرایسونی راگەیاند کە بۆ ماوەیەکی کاتی مەسەلەی دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانیان راگرتووە تا بەشداری نووینەری فدراسیون لە رۆژی ٢٨ی ئەم مانگەدا دواین بریاری خۆیان بدەن. ئەم سەرەکەوتنە تا ئیرە هەنگاویکی تری مەزنە کە ئەگەر چی بۆ ماوەیەکی کاتیش بیت دیپۆرت کردنەوەی راگرتووە، بەلام دیرژە پیدان بەخەبات و ریکخراو بوونی پەنابەران لەفدراسیونداو پەرەپیدان بەوسوونەت و روشتانەی کە بزوتنەوەی پەنابەری لە سوید بە خۆیانەوە بینی یەوە، دەتوانیت لە ئاستیکی کەمپینەکەی فدارسیون بەرو سەرکەوتنیکی یەکجارەکی بەریت.

**ریبوار عارف**

## نابێ بهێڵین ئیسلامی سیاسی پەنابەران بکات بە گژی یەکدا!

ماوەی چەند ڕۆژێکە کێشەیەک لە نێوان پەنابەرانی کوردو پەنابەرانی چیچانیدا لە کەمپی نورد بی برۆتن لە قۆلەر لە ئارادایە و چەندین جار ئەم پەنابەرانە تیکهەڵچوون. تا کار بەوە دەگات شەڕ لە نێوانیاندا دروست دەبێت و چەندین کەس لە یەکتری بریندار دەکەن. ئەم کێشانەش لەوەوە سەرهەڵدەدات کە پەنابەرانی چیچانی، بە قەولی پەنابەرە کوردەکان، دەیانەوێت فەرزی ئەحکامی ئیسلامی بکەن لەکەمپەکەداو دەکەونە ئیهانە کردن و تەنانەت جنێودان بەو کەسانەشی کە نوێژ ناکەن یان باوەڕیان بە ئیسلام نیە. وە لە کاتی شەڕەکەدا دەکەونە وێنەگرتنی ئەو پەنابەرە بریندارانە بە ووتنی "الله اکبر" لەسەر سەریان و بە قەولی خۆیان جیهاد دەکەن. ئەمەو زۆرێك لەو کێشانەی کەلەم کەمپانەدا ڕوو دەدات بەرەنجامی قەرەباڵغیەکی زۆرو کەمی ئیمکانات و پێداویستیە کانی ژیانی پەنابەرانەو ئەم سیاسەتەش لە لایەن دەوڵەتەوە گیراوەتە بەر بۆ کەمکردنەوەی تێچوونی کەمپەکان و لەم ماوانەی دوواییدا چەندین کەمپ داخراون.

دوێنێ واتە ڕۆژی ۲۰۰۵/۰۹/۱۹ ئەو پەنابەرە کوردانە پەیوەندیان بە ڕێکخراوەوە کردو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان بەرەو ئۆسلۆ هاتن چونکە بەرپرسیارانی کەمپ و پۆلیسی ئەو ناوچەیە وەك پێویست ئەم کێشەیە یان چارەسەر نەکردو کارێکی ئەوتۆیان بۆ پاراستنی ئەمنیەتی ئەم پەنابەرە کوردانە لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ئەم ئیسلامیانەدا نەکرد. سکرتێری ڕێکخراو "کامل احمد" بە نوێنەرایەتی ئەم پەنابەرانە کە لەبەردەم پۆلیسی گشتی شاری ئۆسلۆدا بۆ کۆتاییهێنان بەکێشەکانیان کۆبووبونەوە لەگەڵ پۆلیسدا کەوتە گفتوگۆ و لە ئەنجامی زیاتر لە ٤ کاتژمێر گفتووگۆ توانییان داواکاریەکانیان فەرز بکەن کەبریتی بوو لە نەگەڕانەوە بۆئەو کەمپە. هەر ئەو شەوە بەڕێوەبەرایەتی کۆچ UDI ناچار بوو کە بەشێوەیەکی کاتی تا ئەمڕۆ بۆ کەمپێکی کاتییان بگوێزێتەوە بۆ حەوانەوەو ئەمڕۆش هەموانی گواستەوە بۆ کەمپێکی تر لە ئۆسلۆ.

ئێمە ڕادەگەیەنین کە ئەوانەی پێیان وایە دەتوانن لە ئەوروپاشدا ئەو پەیامە ڕزیوو گەندەڵەی خۆیان جێبەجێ بکەن، دەبێت بزانن کە هەم خەڵك ڕێیان پێنادات و هەمیش لە بەرامبەر یاسادا لێپرسراو دەبن و ڕێکخراوی ئێمەش نەك تەنها پاڵپشتی لەم کێشانە دەکات، بەڵکو لە ڕیزی پێشەوەی خەبات دژ بە ئیسلامی سیاسی ڕاوەستاوە. ئیسلامی سیاسی لە ئێران و ئەفغانستانو سعودیەو...... کەمی بەسەر ئینسانەکان نەهێناوەو هەر لەوێ شمشێری دژ بە خەڵكو ئازادیەکانیانو ژنانو منداڵان بەرزکردۆتەوە. ئەوەتا لە عێراقیش کۆمەڵگایەکیان بەتەواوەتی لە خوێن هەڵکێشاوەو بەفەرزکردنی دەستورێکی فاشی_ئیسلامی خەریکن ئەوەندەی تر عێراق بخەنە زەلکاوی کۆنەپەرستیەوە.

وەستانەوە بەرامبەر بە ئیسلامی سیاسی بە کاری

وەستانەوە بەرامبەر بە ئیسلامی سیاسی بە کاری خۆمان دەزانینو هەموو کەسانی ئازادیخوازو سێکیولاریش بانگەواز دەکەین لەم خەباتەمان لەگەڵمان بن. پۆلیسی نەرویجو دەزگا بەرپرسەکانیش نابێ بە بیانوی ئەوەی بیروڕای خۆیانە لە ئیسلامی سیاسی بگەڕێت ئێرەش بکەنە مەیدانی شمشێربازێنی خۆیان. هەر کەسێك هێرشی جەستەیی یان ڕۆحی بکاتە سەر کەسانی تر ئەبێ لە لایەن یاساوە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێتو بەگوێرەی ڕادەی هێرشەکەی سزابدرێت.

ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج
۲۰۰۵/۹/۲۰
ikafn@yahoo.com

## ڕێکخراوی لێبوردنی نیو دەوڵەتی ( ئەمنستی ئەنتەرناسیونال ) گەڕانەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ عیراق

بەدوای پەیوەندی فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی لەگەل بەریز (سەعد ئەبودوحە) بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ریکخراوی لێبوردنی نیودەولەتی"ئەمنستی ئەنتەر ناسیونال"و خستنە ڕووی بارودۆخی ناهەمواری پەنابەرانی کوردو عیراقی، لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتیك کەحکومەتی بەریتانیا لەم ماوەیەی دوایدا گرتویەتێ بەر، هاوکات بەدوای دواکردنی فیدراسیون بۆ دەخالەت کردنی ئەم ریکخراوەیە وفشارهینان بۆسەر حکومەتی بریتانیا، سەرەئەنجام ریکخراوی ناوبراو لەنامەیکدا کەلەرۆژی ۲٦ / ۸ / ۲۰۰۵ بلاوکراوەتەوە و وێنەیەکیشی ئاراستەی دەشتی جەمال سکرتیری فیدراسیون کراوە. هەلویستی ڕۆشنی خۆی بە نیگەرانی دەربرین لەسیاسەتی حکومەتی بەریتانیا و پیداگری لەسەر نائەمن بوونی عیراق بەناوچە کوردنشینەکانیشەوە راگەیاند. لەونامەیەدا هاتووە: "ریکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی_ئەمنستی ئەنتەرناسیونال– زۆر نیگەرانە بەرامبەر بەپلانی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی عیراقی بۆ ناوچە کورد نشینەکان، کە ئیمە بەئەمنی گەڕانەوەی پەنابەران بۆ عیراق غەیرە قانوونی یە ..." شایانی باسە ریکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی نازانین ...

لەم نامەیەدا کەئاراستەی هەموو لقەکانی خۆی لە ولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و تەواوی لایەنە سیاسی و پەیوەندارەکان کردووە باس لە ئاکامە زیانبارەکانی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی عیراقی لەنیو بارودۆخە ناهەموار ودژواری عیراقدا دەکاو پیدادەگرێ لەسەر ئەوە دەکات کە عیراق وولاتیکی نائەمنەو رۆژانە بەهەموو مانایەك مافی ئینسانی تیا پیشیل دەکری. کوشتن ورفاندنی وتەقاندنەوەی هەموو رۆژە و هاوکات بەکارهێنانی توندو تیژی و تعزیب وخراپی مامەلەکردن لەگەل زیندانەکان و گرتنی خەلکی بێ تاوان لەلایەن هیزەکانی ئەمریکاوە هەموویان نیشان ئەدەن کە عیراق ولاتیکی نائەمنە. بەم هۆیەوەیە کە ڕێکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال هەنگاوی ناردنەوەی پەنابەران بەبریاریکی پیشیلکاری مافەکانی مرۆڤ دەزانی و داوا دەکات لەحکومەتی بریتانیا کەئەم سیاسەتەی خوی رابگری..

فدراسیونی پەنابەرانی عیراقی لەریزی پیشەوەی خواستەکانی پەنابەران راوەستاوە و بەهەموو توانایەوە تیدەکۆشیت بۆ بەرگرتن بە سیاسەتی بەزۆری گیرانەوەی پەنابەران ..

فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی\بەریتانیا
۲۰۰۵-۹-۱۷

# سەنتەری شاری لیدز پرکرا لەدەنگی نارەزایەتی دژ بەگیرانەوەی بەزۆری پەنابەران

ڕۆژی شەمە ١٧-٩-٢٠٠٥ لە درێژەی هەوڵ و چالاکی یەکانی فیدراسیۆن دژ بەسیاسەتی گیرانەوەی پەنابەران ،ئەمجارە پەنابەرانی کورد لەشاری لیدز خۆپیشاندانی خۆیان گەیاندە بەردەم شارەوانی ئەو شارە لەکاتژمێری ١٢ نیوەڕۆ تا ٢ پاش نیوەڕۆ خۆپیشاندان بەردەوام بوو.

پەنابەرانی کورد لە شارەکانی برادفۆرد و مانچستەرەوە بەریزەکانی ئەو خۆپیشاندانەوە پەیوەست دەبوون و ژمارەیان زیاد دەبوو، ڕێکخراوەکانی (سۆشیالیست ئەلاینت، ریسپیکت، کەمپینی دژ بە دیپۆرتی پەنابەران لە شاری لیدز ) بۆ پشتگیری لەخواستەکانی پەنابەران بەشداریان کردوە پەیامی پشتیوانی و هاوکاری خۆیان دەگەیاند.

خۆپشاندەران بەدرۆشم وشیعاری (نـا بۆ سنورداش کردنەوەی زۆرەملی ... بەڵێ بۆ ماف پەنابەری و ماف نیشتەجێ بوون.،، بەڵێ بۆ بەردانی پەنابەرە گیراوەکان..، کوردستان نائەمنە، ئێمە ناخوازین بگەرینەوە ..) دەنگی پەنابەران شەقامەکانی شاری لیدزی داگرتبوو و لەگەڵ پشتیوانی ریبوارانداً ڕوو بەروو بوو.

بورهان فەتاح بەنوێنەرایەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەچەند ڕۆژ لەوەو پێشەوە بەهاوکاری چەندین پەنابەر و بەریز (کریستینا) لە ڕێکخراوی رفیوجی پۆزەتیف ئەکشن، خەریکی ئامادەکردن و ریکخستنی ئەم خۆپشاندانە بوو، بەزمانی کوردی و ئینگلیزی لەسەر سیاسەتی دژ پەنابەری حکومەتی بەریتانیا لەپەیوەند بە پەنابەرانی کورد وعیراقی قسەوباسی کرد و هەنگاوەکانی ئایندەی کەمپینی فیدراسیونی ژمارد لەسەرتاسەری وولاتەکانی ئەوروپی و خۆپشاندانی شکۆداری پەنابەران لەسویدو فنلنداو سویسرا ، باسی لە پێکەو گریدانی خەباتی پەنابەران کرد لەپال هێزی پێشکەوتنخوازو ئینسانی و چەپ و یەکتی کرێکاریەکان بۆ بەشکست کیشانی سیاسەتی نائینسانی وولاتانی ئەوروپا بەرامبەر بە پەنابەران ، هاوکات لەسەر گرنگی خۆریکخستنی پەنابەران




لەدەوری فیدراسیۆن و پێکهێنانی ڕێکخراوەی فیدراسیۆنی کرد لەو شارەدا لەپێناو پتەوکردنی ریزەکانی پەنابەران ...هەروەها تەواوی ئەوئیدعا و بەرژەوەندییە سیاسیانەی کەلەلایەن هەندێ ڕێکخراوی و کۆمەلە وە گیراوەتە بەر دژ بە بەرژەوەندی یەکانی پەنابەران دایە بەر رەخنەو ،باسی لەجیاکردنەوەی ریزەکانی پەنابەران کرد لەو لایەنانە، و پیداگری کرد لەسەر بەردەوامی خەباتی فیدراسیۆن تا بەدەست هێنانی تەواوی ماف وەهەقی نیشتەجێ بوون دەستکەوتە ئینسانیکان بۆ پەنابەران. هاوکات لەم مینبەرەوە تەواوی پەنابەرانی کورد لەشاری لیدز ئاگادار دەکەینەوە کە ڕۆژی ٢٥-٩-٢٠٠٥ کۆبوونەوەیەکی پەنابەران دەکرێ کاتژمێر ٢ ی پاش نیوەڕۆ لە (بەنگلادیشی سینتەر) نزیکی جیشتخانەی سۆمەر ، داوا لە تەواوی پەنابەران دەکەین بەشداری بکەن بۆ قسەو باس کردنو دارشتنی کارەکانی ئاێندە.

بۆ زیاتر زانیاری پەیوەندی بکەن بە حەمەی دەلاك بەژمارەی (٠٧٧٤٣٥٩٧٩٩٨)یان (بورهان فەتاح) بەژمارەی (٠٧٨٦٦٧٥٧٢١٣)

**سەرکەوێ خەباتی پەنابەران بۆ بەدەستهێنانی مافەئینسانی یە کان**
**فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بەریتانیا**

## فیدراسیون پێویستی بە هاوکاری وکۆمەکی ماڵی ئێوەیە!

### فدراسیۆن لە هەوڵدایە بۆ ئازاد کردنی پەنابەرانی کورد لەگرتووخانە دەست بەسەرەکاندا

لەسەرەتای هەوڵەکانی وەزارەتی ناخۆی بەریتانیا بەگرتن و زیندانی کردنی پەنابەرانی کوردی عیراقی و راپیچ کردنیان بۆ گرتووخانە دەست بەسەرەکان چەندین پەنابەر لە گرتووخانەی (کامفیلد هاوس،کۆڵن برۆك ،هاسلەر،دۆڤەر) تا ئیستا راگیراون و بەشێکیان بەدوای فشاری و نارەزایەتیەکانی پەنابەران و کەمپینی فدراسیۆن ئازاد کراون ، وە هەندێکیان بەهەوڵ و کەفالەتی فدراسیۆن ئازاد کراوەن و بەشێك لەو پەنابەرانەی پارێزەریان نی یە پارێزەریان بۆ گیراوەو بەکەفیل ئازاد دەکرێن وچەند چاوپێکەوتن لەسەر بەرخوردی نا ئیسانی بە پەنابەران لەگرتووخانە دەست بەسەرەکاندا کراوەو پەخش کراوەتەوە لەسایتی ڕێکخراوەی ئینسانی وپەنابەری یەکان .

ناوی ئەو پەنابەرانەی لەگرتووخانەی دەست بەسەری کۆڵن برۆك دان (عبدول رەحمان حەسەن محمد،محمد حەسەن،ووریا قادر،ئاری میرزا مراد،هیمن فەتاح..)و(پەنابەرانی گرتووخانەی هاسلەر لەلای پۆرتسمۆت(یاسین قادر، شیرزاد، بیستون عبدول،دلشاد، مستەفا، محمدعەلی، حەسەن معروف،ئەیوب عمر،فەرهاد مستەفا) .

داواکارین لەپەنابەران هەر زانیاری یەکی تر لەسەر پەنابەران لەگرتووخانەی تر هەیە بە فەوری پەیوەندی بکەن بەهەڵسوراوانی فدراسیۆنەوە لەشارەکان و لە لەندەن کە ناو ژمارە تەلەفونەکانیان لەراگەیاندنەکانی فدراسیۆن راگەیەنراوە تا پارێزەریان بۆ بگیرێ وئازاد بکرێن.

**فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا ١٥ / ٩ / ٢٠٠٥**

## مافی پەنـابەری مافێکی ئینسانی یە !

# دەنگدانەوەی کەمپینی فدراسیۆن لەنیو میدیاو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا !

= چاوپێکەوتنی کەنالی سەتەلایتی الجزیرە لەگەل(سەعدی حەسەن،دەشتی جەمال) لەسەر وەزعیتی پەنابەران و کەمپینی فدراسیۆن هەمان رۆژ هەوالەکانی بلاوکرایەوە.

= چاوپێکەوتنی بی بی سی بەشی میدلاند لەگەل(جاسم غفور) بەرپرسی فدراسیۆنی گشتی پەنابەرانی عیراقی لە شاری نوتین هام لەگەل چەند رۆژنامەی محەلی کە هەولەکانی یان بلاوکردەو لەنیو سایتی ( indymedi) بەرەسمەو خۆپشاندانەکانی پەنابەرانیان لەنیو سایتەکانیاندا بلاوکردەوە.

= چاوپێکەوتنی سایتی بی بی سی لەگەل( بورهان فەتاح) بەرپرسی فدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لە شاری مانچستەر لەپال قسەو باسەکانی هۆم ئۆفیس و ئەندام پەرلەمانەکان دژ بەسیاسەتی گیرانەوەی پەنابەرانی کورد قسەکانی بلاوکرایەوە.

= وەکالەتی رۆیتەر لەسایتەکەیان کە جیهانی یە هەوالەکانی خۆپشاندانی فدراسیۆن وخواستەکانی پەنابەرانیان بلاوکردەوە چاوپێکەوتنیان لەگەل بەرپرسی فدراسیۆن و فەرهاد سەلام ئەنجام دا.

= رادیووی بی بی سی بەشی ئۆکس فۆرد لەگەل (دەشتی جەمال) چاوپێکەوتنی کرد لەسەر ئامانجەکانی کەمپینی فدراسیۆن دژ بەناردنەوەی پەنابەران و چەند رادیوی ترلەگەل (دەشتی جەمال، سورمە حەمید، نوری بەشیر، فەرهاد سەلام، سەعدی حەسەن) لە خۆپشاندانەکانی بەردەم هۆم ئۆفیس چاوپێکەوتنیان کرد.

= هەردوو رادیووی شەبەنگ لە ستۆکۆلم ورادیوی هاوپشتی لەیۆتۆبۆری لەسوید لەگەل (دەشتی جەمال) وکارو چالاکیەکانی فدراسیۆن چاوپێکەوتنیان کرد.

= رۆژنامەی ئندبیندنت(INDPENDENT) لەگەل بەرپرسی فدراسیۆن لە بەریتانیا چاوپێکەوتنیان کرد و رۆژی دوای هەولەکانی بلاوکرایەوە.

= رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی وینەو خۆپشاندانەکانی بەردەم هۆم ئۆفیس بەریتانیای بلاوکردەوە.

= بلاوکراوەی ئۆکتۆبەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لەلایەن (خەسرەو سایە)وە




چاوپێکەوتنی لەگەل(دەشتی جەمال)کردو،کەتیادا لەسەر پشتیوانیەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەسەر کەمپینی فدراسیۆن لەسەرەتای کەمپینی فدراسیۆنەوە و کارو چالاکیەکانی فیدراسیۆن لەپێناو بەرگری لە پەنابەرانی کوردوعیراقی ئەنجام دراوە لەم چاوپێکەوتنەدا هاتووە.

= تەواوی سایتەکوردیەکانی (کوردستان نیت،دەنگەکان،بۆ پێشەوە ،سایتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، NCDAC و IRRسایتی ئیراکی سولیداریتی ،بەردەوام هەوال و چالاکی یەکانی دژ بەگێرانەوەی پەنابەرانیان بلاودەکردەوە و لەو بارەیەوە بەناوی فیدراسیۆنەوە ئەو پەری سپاس گوزارین.

= تەوای بەیانی یەکانی کەمپینی فدراسیۆن ئاراستەی رێکخراوە کۆمەلەکوردیەکان ،رۆژنامەکانی (الحیات،شرق ئەوسەت،زمان،گاردیان،میرە،سایتو کەنالە تەلەفیزونی یەکانی بەریتانیا نیراوە بە بەردەوامی.

= سێ ژمارە هەولٚ نامەی فدراسیۆن لەلایەن (ریبوارعارف)ە سکرتێری فدراسیۆنی سەرتاسەریەوە تایبەت بەکەمپینی فدراسیۆن دەرچووەو بلاو کراوەتەوە.

= تەواوی بەیان و راگەیاندنەکانی فدراسیۆن لەنیو شارەکاندا و لەنیو ریستوانە کوردیەکان بلاو کراوەتەوە

## لە پەیوەند بە پەنابەر گیراوەکان لەگرتووخانە دەستبەسەرەکاندا

فدراسیۆن بەردەوام بوو لەهەولی بەردانی ئەو پەنابەرانەی گیراون و لەو پەیوەندەدا لەگەل چەندین پاریزە پەیوەندی کردوە دوای هەول بۆ بەردانی گیراوەکان تا ئیستا چەند پەنابەری کورد ئازاد کراون و چەند پەنابەری تر فیدراسیۆن لەهەولدایە و پاریزەری بۆ گرتوون و لەلایەن چەند رێکخراوی تر فۆرم بۆ ئەو پەنابەرانە نیراوە بۆ ئازاد کردنیان ،هەوالەکانی ژیانو گوزرانی نیو گرتووخانە دەست بەسەرەکان و مامەلەی کارمەندانی ئەم ناوەندانەی بە دامو دەزگاکانی راگیاندن گەیاندراوە و چاوپێکەوتن لەگەل پەنابەرانی گیراو ئەنجام داراوە و نیراوە بۆ سایتی رێکخراوە ئینسانی یەکان و بلاوکراوەتەوە

پیشرەوەیەکانی ئەم دەورەی بزوتنەوەی پەنابەری وەدوروجیگەو رێگەی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە هەنگاو بەهەنگاوی ئەم پشرەویانەدا بەرهەمی یەکگرتووی و کاری رێکخراوەی پەنابەران و هاتنە مەیدانیانە بۆ داکۆکی لەمافو خواستە ئینسانی یەکانی پەنابەران ،دەرس و تەجروبەیەکە کە دەتوانیٚ پێمان بلی کاری پێکەوەی و کۆبوونەوە لەدەوری یەکتر و بەدەستهینانی پشتیوانی خەلکی ئازادی خوازو ئینسان دۆستو چەپ ویەکیەتی کرێکاریەکان ئیمکانی هەیەو تەنها رێگایەکە بۆ پاشەکشێ پێکردن بە هەر سیاسەتێکی رەگەزپەرستانەو نائینسانی .

پێویستە خەباتی خۆمان دریژە پێ بدەین لەپال فیدرسیۆن رابوەستین بۆ هەلوەشاندنەوەی یەکجارەکی( بریاری ناردنەوەی زۆرەملی )پەنابەران رێگە نەدین هیچ لایەك کیشەی پەنابەران بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێنن.

فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا

**دەتوان لە شارەکانی ( مانچستەر ، نوتین هام ، ستۆك ئۆن ترینت )ەتەوە پەیوەندیمان لەگەل بکەن :**
**مانچستەر : بورهان فەتاح : ( ۰۷۸٦٦۷٥۷۲۱۳ ) ، نوتین هام : جاسم غفور ( ۰۷۷۳۹۳۳۸۱۷۸ )**
**ستۆك ئۆن ترینت : حمە داود ۰۷۷٤۲۳۹٤۷٤٦ )**

# خۆپیشاندنی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە لەندن و هیلسنکی

– رۆژی ٨-٩ فدراسیۆن لە شاری لەندەن و هلسنکی فنلندا خۆپشاندانیکی نارەزایەتیان بەرپاکرد دژ بە بریاری دیپۆرت کردنەوە . لە لەندەن خۆپشاندەران جاریکی تر روویان کردە بەردەم وەزارەتی ناخۆ بەچەندین درۆشمی جۆراجۆری عیراق وکوردستان نائەمنە ! مافی پەنابەری ومافی نیشتەجێ بوون بە پەنابەرانی کوردو عیراقی. مافی پەنابەری مافی ئینسان، نا بەدیپۆرت نا بە گرتووخانەی دەستبەسەر، لەلایەن خۆپشاندانەوە دەوترایەوە، نۆینەری چەند رێکخراوی ئینسانی و پەنابەری ولایەنی سیاسی لەم خۆپشاندانەدا بەشداریان کردوە لەنیو سایت ورۆژنامەکانیان هەواڵی ئەم خۆپشاندانەیان بلاوکردبووە کە تاکاتی ئەم خۆپشاندانە دەیان پەیامی پشتیوانی لەخواستەکانی کەمپینی فدراسیۆن لەلایەن ئەندام پەرلەمان و رێکخراوەکانەوە بەدەست گەیشتبوو . پاشان وەفدێکی فدراسۆن پێك هاتبوو لە (دەشتی جەمال،ئارن کەندانی) روویان کردە هۆم ئۆفیس لەگەڵ (پیتەر) نۆینەری نیراوی لەلایەن هۆم ئۆفیسەوە گفتووگۆیان کرد (داوای دەست بەجێ بەردانی گیراوەکان و هەڵوەشاندنەوەی بریاری گەرانەوەی پەنابەران بەرەسمی نەك راگرتنی و داوای کردنەوەی مەلەفی پەنابەرانیان کرد وەدانی مافی پەنابەری و نیشتەجێ بوون بە پەنابەران و گیرانەوەی مافەکانیان وەك شەرەوەندێکی بەریتانی و هەروەها داوای وەلامی نامەیەك کە پشتر بەرپرسی فدراسیۆن ئاراستەی هۆم ئۆفیس کردبوو وە، نزیك بە ٥٠٠ ئیمزای کە خواستەکانی ( هەڵوەشاندنەوەی بریاری گەرانەوەی پەنابەران دەست بەجێ، دانی مافی پەنابەری بەپەنابەرانی کوردو عیراقی بەعنوانی قوربانیان جەنگ ونائەمنی، بەردانی گیراوەکان، گیرانەوەی تەواوی خزمەتگوزرایەکانی بە پەنابەرانی تیاهاتبوو) تەسلیم بە نۆینەری هۆم ئۆفیس کرا، ئەوان رایان گەیاند لەزووترین کاتدا وەلامی داواکان دەدەنەوە وفدراسیۆن رای گەیاند کەمپینی فدراسۆن راناوەستێدا بەدەستهینانی تەواوی مافەکانی پەنابەران.

– فیدراسیون لە فنلاند هەستا بە سازدانی خۆپیشاندانێك بۆ پشگیری کردن لە ماف وداخوازیەکانی پەنابەرانی کورد لە بەریتانیاو راوەستانەوە دژ بەسیاسەتە نائینسانی حکومەتی بەریتانیا لەپەیوەند بەناردنەوەیان بۆ کوردستانی عیراق. سەرەتا سکرتاریەتی فیدراسیون راگەیاندنێکی لەسەر کیشەی پەنابەرانی کورد لەبەریتانیا دەرکرد بە زمانی فنلاندی و ناردی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن وحزب وریکخراوەکان بۆ پەرلەمانی حکومەتی فنلاند . پاشان دواتر ریبوار عارف کۆبوونەوەیەکی لەگەل تۆری دژی شەری فنلاند سازدا کە تیدا زیاتر لە ١٠ نووینەری ریکخراوە سیاسی و جەماوەریەکانی فنلاندی تیدا بوو، کەدوابەوای قسەوباسکردنیك لەسەر سیاسەتی دژی پەنابەری حکومەتی بەریتانیا مەسەلەی ناردنەوەی




پەنابەران بۆ کوردستان بە گشتی وەك شەبەکەی دژی شەر چوونە پیشت داخوازیەکانی فیدراسیون و بەم کەمپینەوە پەیوەست بوون . هەروەها ناردنی نامەی نارەزایەتی بۆ سەفارەتی بەریتانیا لەهیلسنکی پەیوەندی کردن لەگەلیان لەپەیوەند بە کیشەی پەنابەران و بریاری گەرانەوەیان لەلایەن

حکومەتی بەریتانیاوە قسەوباسی کرد. جێگەی ئاماژەیی کردنە چەندین حزب ولایەن پشتگیری کردنی خۆیان بۆ داواکاریەکانی فیدراسیون ولغوکردنەوەی دیپورت کردنەوەی پەنابەران دەربڕی و هەروەها هەمان کات کە خۆپیشاندان لە ناوەندی شاری هلنسکی دا بەرپا کرا لەپال بلاوکردنەوەی سەدان ئەوراقی تەبلیخاتی بەهەردوو زمانی فنلاندی وئیگلیزی هەروەها دوو رادیوی سەرتاسەری چاوپیکەوتنیکیان لەگەل ریبوار عارف سکرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی سازکرد کەبەوردی لەسەر بارودۆخی سیاسی عیراق ومەسەلەی دەستوورو نائەمنی عیراق بەکوردستان یشەوە قسەو باسی کردو هاوکات پەردەی لەسەر سیاسەتی دژی پەنابەری حکومەتی بەریتانیا هەلمالی وئامانجەکانی خۆپیشاندانەکەی روونکردوە.

**فیدراسیون پیویستی بە هاوکاری وکۆمەکی ماڵی ئێوەیە!**

**دەتوانن بەم ژمارە تەلفونانە لە لەندن پەیوەندیمان پێوە بکەن :**

دەشتی جەمال : 07734704742

d.jamal@ntlworld.com

سامان سەردەم ( ٠٧٧٩٩٥٠٧١٤١ )

سەعدی حەسەن ( ٠٧٨٨٣٧٣٥٨٩٧ )

## هەموو پەنابەرانی کورد لە بەریتانیا، دەتوانن ئەم فۆرمە پڕبکەنەوە

**شکاتنامە لە پویەند بە بریاری دیپورتکردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستانی عیراقی**

من کە ناوم لە بەرواری هاتوومەتە بەریتانیا، هەروەها لەبەرواری
داوای مافی پەناریم کردوە.

هۆکاری ئاوارەبوون : ( هەر کام لەم حالەتانەیە، دەتوانیت بیخەیتە ئەم نیشانەیەی لەبەردەمدا دابنیت ✓ ) .

- سیاسی
- کۆمەلایەتی
- ئابوری
- ئەمنیەتی
-

تا ئیستە جار وەلامی ڕەفزم وەرگرتووەتەوە !

وەلامی رەفزی جاری یەکەم : لەبەرواری ......

وەلامی رەفزی جاری دووەم : لەبەرواری ......

وەلامی رفزی جاری سیهەم : لەبەرواری ......

هیشتا وەلامم وەرنەگرتووەتەوە !

هۆکاری رفزکردنەوەم کە پیان ڕاگەیاندوم بریتی یە لە : (

(

من بە تووندی نارەزایەتی خۆم دژ بەو بریارەی حکومەتی بەریتانیا دەردەبرم لە پەیوەند بە ناردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستانی عیراق بە دەلی ئەوەی کە

١- کوردستانی عیراق بەهیچ شیۆەیەك ناوچەیەکی ئاسایش نیە !

٢- ئەم بریارە پیشلکردنی مافەکانی مرۆڤە، بە تاییەت مافی نیشتەجی بوون، بۆیە ئیمە بەتووندی ڕووبەڕووی ڕادەوەستینەوە !

هەروەها ئیمە سەرباری بە تووندی نارەزای دەربرینی خۆمان لەبەرامبەر بەبریاری دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی کورد، بۆ کوردستانی عیراق. هاوکات خوازیاری لیکۆلینەوەو بەدواچوونیشداین لە پەیوەند بە بەزۆر ناردنەوەی ئەو ٣٣ پەنابەرەی کە لەسەرەتای دەرکردنی ئەم بریارەدا دیپۆرت کرانەوە بۆ کوردستانی عیراق. هەروەها خوازیای لفوکردنەوەی هەرجۆرە بریاریکی دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانین داوای ڕیزلیگرتن و جی بەجی کردنی بریانامەکانی جنیفی ١٩٥١ و جارنامەی مافی مرۆڤ دەکەین.

ژمارەی تەلفون :

ئادرس :

ئیمیل :

فاکس :

ئیمزا

---

**پاش پڕکردنەوەی ئەم فۆرمە بەم ناونیشانە بینرینەوە بۆ سکرتاریەتی فیدراسیون لە بەریتان**

**International Federation of Iraqi Refugees - United Kingdom**
**PO Box 1575 / Ilford IG1 3BZ**

**دەتوانن کۆمەکی مالی یەکانتان بەم نانیشانە بنیرین :**

-NAME: THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES AND IMMIGRANTS COUNCI
- ADDREES : P L 3 , 00391
- CITI : HELSINKI
- COUNTRY : FINLAND
- ACCOUNT NUMBER :F1558000-1470212284
- BANK CODE :WIFT: PSPBFIHH
-BANKS NAME : SAMPO BANK.HELSINKI

**بلاوکراوەی فیدراسیون**
**بخوینەرەوەو**
**هاوکاری بکەو بیناسینە بە هاوری**
**و دۆستانی خۆتان !**

## فیدراسیون پیویستي
## بە کۆمەکی مالی ئیۆدیە !

ڤەنابەران ، ئازادیخوازان

بڕیاری حکومەتی بەریتانیا لە پەیوەند بەدیپۆرتکردنەوەی هەزاران پەنابەری کوردی عیراقی و بۆ ئەو شوینەی کە لیوەی هەلهاتوون تەنانەت دەست بەکار بوون لەمبارەوە دیپۆرت کردنەوەی ٣٣ پەنابەر زەنگی سیاسەتیکی مەترسی دارەو ئەگەر بیت بە راشکاوانەترین شیوە نەیەنیە مەیدان، بەدلنیای ئەوان هیچ گومانیکیان لە عەمەلی کردنەوەی نەخشەکانی خۆیان نی یەو لە نزیکترین کات لە هەلپەی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران دەبن بەزۆر .

رابرودوی خەبات و تیکۆشانی فیدراسیون وەك ریکخراویکی پەیگیرو بی هیچ قەیدوشەرتیك داکۆکی لەماف وداخوازیەکانی پەنابەران دەکان لەمەیدانایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە دژ بەهەر بڕیاریکی زیانبارەوە بۆ پەنابەران . بۆیە ئیستەش فیدراسیون وەك هەمیشە لە پیشی سەنگەری تیکۆشاندایە دژ بە بریاری حکومەتی بەریتانیاو بەراگەیاندنی کەمپنیکی سەرتاسەری بۆ دیفاع کردن لەمافی پەنابەرانی کوردو عیراقی جی ی خۆیەتی کە ئیوەش لەم بارەوە دەوریکی کاریگەرو چارەنووسازتان هەبی بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم کەمپینە !

**پەنابەرانی بەریز ئازادیخوازان**

بەدلنیای یەوە بۆ دەست بەکاربوونی کەمپینیکی لەو چەشنە مەزن، پیویستمان بەهەر جۆرە هاوکاری وکۆمەکیکی مادی ومعنەوی دەبیت، بۆیە بەهیواین کەلە سونگەی خۆ بەرپرس زانینتانەوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کیشەکان وریگرتن لە مەترسی دیپۆرتکردنەوە پەنابەران بەدلنیای کۆمەکی مالی یەکانتان دەوریکی گرنگی دەبی لەبەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم کەمپینەدا ، بۆیە چاوەرانی هیمەتانین !